وەزیری سامانە سروشتییەکان هۆکارەکانی نەناردنی نەوت ئاشکرا دەکات

وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاشکرایکردووە، کێشەی سەرەکی بەردەم هەناردەی نەوت ئەوەیە، وەزارەتی نەوتی عێراق دەڵێت تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت زۆرە، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کۆمپانیاکان لە کەرتی نەوتدا وەبەرهێنانیان کردووە.

باسی لەوەشکردووە، عێراق ساڵانە چەندین تریلیۆن دینار بۆ کەرتی نەوتەکەی تەرخان دەکات، بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان جیاوازە، لە عێراق کەرتی گشتییە و لە هەرێمی کوردستان کەرتی تایبەتە.

وەزیری سامانە سروشتییەکان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتویەتی، عێراق ساڵانە چەندین تریلیۆن دینار بۆ کەرتی نەوتەکەی تەرخان دەکات، ئێستا عێراقیش گەیشتووەتە ئەم قەناعەتە دەست بە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

ئەوەشی روونکردەوە، بڕیارە رۆژی یەکشەممە 9ـی ئەم مانگە شاندی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی نەوت سەردانی بەغداد بکات، چاوەڕێ دەکەین بەمنزیکانە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دەستپێبکاتەوە.